# سەربازە بچووکەکان !

وەرگێرانی:  سەرووەت حامد



دەمەوێت ئەم نامەیەتان پێبگەیەنم،داواتان لێدەکەم کەئەوپەڕی توانای خۆتان بخەنەگەڕتاجیهان لە بارودۆخی ئێمە ئاگادار بکەنەوە،تامناڵانی تر ناچار نەبن بکەونە گێژاوی ئەم توندو تیژیەوە

ئەمە نامەی کچیکی 15 ساڵان بوو کە لەسوپای(جیش الرب للمقاومە) ی ئەنگولا ڕای کردوە.
لەگەل تەشەنە کردنی کێشەجەکداریەکان لە ناوچەجیاوازەکانی جیهانداژمارەیەکی زۆر لەمناڵان دوچاری ڕۆژڕەشی و کارەساتەکانی جەنگ دەبن.

لەزۆربەی ناوجەکان هێزە دەوڵەتێکان یان گرووپە چەکدارەکان پەنادەبەنە بەر چەکدار کردنی مناڵآن(کوڕان و کچان) لە ڕیزەکانیاندا،جا چ بە خۆشی یان بە زۆر، لەوانەیە مناڵآن لەژێر کاریگەری پاڵنەرە مادیەکان وهەندیک پاڵنەری تر ببنە چەکدار،ئەم گروپ و لایەنانە مناڵان لە خوێندنگاو شەقام و ناو ماڵەکانیان دەرفێنن،هەر ئەوەندەی ئەم مناڵآنە بوون بە چەکدار لەناو ئەم هێزانەدا بۆ گەلێک کاری تر بەکاریان دێنن،ژمارەیەکی زۆر لەمناڵان لەشەڕەکاندا بەشداری دەکەن،ژمارەیەکی تریان لە ڕووی سێکسیەوە سودیان لێوەر دەگیرێت، یان لە جاسوسی و نامە گۆڕینەوەدا،یان وەکو خزمەتکارو بارهەڵگر، یان لە چاندن و هەڵگرتنەوەی مینی زەمینیدا.

مناڵآن لەبەر هۆکاری جیاواز چەکدار دەکرێن،لەوڵاتە هەژارەکاندا جەنگ دەبێتەهۆی نابوود بوونی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و خێزانەکان دوچاری کێشەی ئابووری دەکاتەوە،بەهیوای دابین کردنی نانی ڕۆژانەی خۆیان و خێزانەکانیان مناڵآن بەگرووپە چەکدارەکانەوە پەیوەست دەبن،
پەیدا بوونی چەکە تازەکان ، کەلەڕووی بەکارهێنان و مەشق پێکردنەوە زۆر ئاسانترە ،چەکدارکردنی مناڵانی زۆر ئاسانترکردۆتەوە.

زیاتر لە نیو میلیۆن مناڵی خوار تەمەنی 18 ساڵ لەسەرتاسەری جیهانداچەکدارکراون،300 هەزار مناڵ لەو ژمارەیە ڕاستەوخۆ  وەکو سەرباز لەشەڕکاندا بەشداری دەکەن زۆرێک لەو مناڵانە لەتەمەنی خوار 10 ساڵ لەگەلێک لەو کردارانەدا بەشداری دەکەن کە دژ بە کۆمەڵگاکان و خێزانەکای خۆیانن و ژمارەیەکی زۆر لە کچان لەلایەن سەرکردەکانیانەوە دوچاری دەست درێژی دەبنەوە.

سەرچاوە: http://ara.amnesty.org/pages/childsoldiers-index-ara